پڕۆژەی هیوا بۆ چاپ و بلاوکردن

١٨

٣٠ هەڵوێستە لەهونەری بانگەوازدا

منتدى إقرأ الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

نووسینی: د. عائض القرني

وەرگێرانی: ناصح محمد موبرەیی

چاپی یەکەم

١٤٣١ ك

٢٠١٠ ز

پڕۆژەی هیوا بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە (١٨)

٣٠ هەڵوێستە لەهونەری بانگەوازدا

نوسینی: د. عائض القرني
وەرگێڕانی: ناصح محمد موبڕدیی

چاپی یەکەم

٢٠١٠ز ١٤٣١ك

- ناوی کتێب: سێ هەڵوێستە لە هونەری بانگەوازدا.
- نوسەر: د. عائض القرني.
- وەرگێڕ: ناصح محمد موڕەیی.
- نۆبەی چاپ: یەکەم.
- ساڵی چاپ: ٢٠١٠ زایینی - ١٤٣١ کۆچی.
- دیزایین: محمد عبدالله.
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە.
- ژمارەی سپاردن: (١٥٠٦)ی ساڵی (٢٠١٠)ی پێدراوە.

- مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە بۆ وەرگێڕ

بسم الله الرحمن الرحيم

پێشەکی وەرگێڕ:.

سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورەو بەبەزەیی، درودو سەلامی خوای گەورە بۆ سەر گیانی پاکی پێغەمبەری خوا (محەمەد) ﷺ مامۆستای بانگخوازو پێشەوای باوەڕداران، وە بۆ گیانی هاوەڵان و شوێنکەوتووانی تا ڕۆژی دوایی.

نامیلکەی (ثلاثين نضرة من فن الدعوة)ی مامۆستا (د.عائض القرني) ... سی هەڵوێست و شێوازی بانگخواز بیری بانگخوازانی ڕێگەی ئیسلام ئەخاتەوە، کە لەو ڕێگایانەوە دەچنە دڵەکانەوە و جوانتر پەیامەکەیان دەگەیەنن..

ئەم نامیلکەیە سالانی کۆتایی نەوەدەکان بەرچاوم کەوتبوو، منیش وەك قوتابییەکی زانستە شەرعییەکان و وەك خولیای وەرگێڕان، دەستم کرد بە بەکوردی کردنی ...

ئەمساڵ لە نێو کەشکۆڵەکانمدا بینیمەوە، ڕەنگە لە کاتی وەرگێڕانیدا بیرم بەلای چاپ کردنیدا نەچووبێت، بەڵام دوای سەیرکردنەوەی بینیم جێگەی سودو کەڵکە بۆ بانگخوازانی ئەم پەیامە بەرزە، بۆ هەندێکیان بیرخستنەوەو بۆ هەندێکیش زانستی تازەو نوێ و دەتوانن جوانتر سیمای بانگخوازییان برازێننەوە.

بۆیە لە ئینتەرنێت گەڕام بۆ سەرچاوە عەرەبیەکەی کە لای خۆم نەمابوو، سوپاس بۆ خوا دۆزیمەوەو جارێکی تر بەراوردم کردو ئامادەی چاپم کرد، بە ئومێدی سودمەند بوونی خوێنەری بەڕێز.

و. ناصح محمد

٢٠١٠/٦/١ سلێمانی

راپەڕین / مزگەوتی

حاجی رەحیم زەڕەنگەر

بسم الله الرحمن الرحيم

﴿قُلْ هَـٰذِهِۦ سَبِيلِىٓ أَدْعُوٓا۟ إِلَى ٱللَّهِ ۚ عَلَىٰ بَصِيرَةٍ أَنَا۠ وَمَنِ ٱتَّبَعَنِى ﴾

بێگومان بانگهێشت کردن (الدعوة)هونەرێکە کە لای بانگخوازە ڕاستەکان هەیە . . وەك هونەری بیناسازی و پیشەسازی هەیە، بۆیە پێویستە لەسەر بانگخوازەکان کە هەڵگری فەرمانی بانگەوازن بەباشی پەیامی خوایی بە خەڵکی خوا بگەیەنن . .

چون ئەمان میراتگری پێغەمبەری خوان ﷺ، کەواتە پێویستە بانگخوازەکان لە بانگەوازەکەیان بکۆڵنەوەو سەرنجی داخوازیەکانی بدەن .

لە بەرهەم و سەرەنجامەکەی وورد ببنەوەو شێوازو ڕێگاکانی بگرنە بەر، وە پێویستە لەسەریان کە پارێزگارو لەخوا ترس بن، لەو ئەمانەتەی کە لە پێغەمبەرەوە بۆیان جێماوە، کە ئەوان لێپرسراون بەرامبەر بانگەوازەکەو سەرەنجامەکەی .

کاتێ ئەمە زانراو ئاگاداری بوون، ئەوە بێگومان هەر هەڵەیەك کە بەسەر بانگخوازدا دێت، کاریگەری لەسەر بانگەوازەکە دەبێت، بانگخوازانیش بە پلەی یەکەم لێپرسراون لەو هەڵەیەی کە رووی داوە، یان بۆتە هۆی بەتاڵ بونەوە، بانگخواز لێپرسراوە چونکە ئەوان شۆفێری کەشتی بانگەوازن و سەرقافڵەی کاروانن، ئەگەر ئەوان بە دڵسۆزی سەرکردایەتیان بکردایە، ئەوا بە یارمەتی پەروەردگار رزگاری دەبوو. . بەرەو کەناری ئارامی و سەلامەتی دەرۆیشت، بۆیە کۆمەڵێك ئاداب و ئاکارو رەوشت هەن، پێویستە بانگخوازەکان خۆیانی پێ برازێننەوە، هەتا ببنە هەڵگری چرای هیدایەت و مەشخەڵی رێگەی راست. . . تا بتوانن ئەو پەیامە خواییە بگەیەنن بەو شێوەیەی کە خوای گەورە دەیەوێت.

> ئەرکی یەکەمی بانگخواز تێگەیشتنێکی وردە لەو پەیامەی کە بانگەوازی بۆ دەکات.

١. دڵسۆزی لە بانگەوازدا :.

بێگومان دڵسۆزی لەکاردا بنچینەی سەرکەوتنە لەو کارەدا، لەبەرئەوە دڵسۆزی لە بانگەوازدا پێویستە بۆ بانگخوازان، وە دەبێت مەبەستیان ڕەزامەندی پەروەردگار بێت لە کارەکانیاندا، وە نابێت مەبەستیان دەستگیر بوونی داخوازییەکی دنیایی بێت، کە بەرەو نەمان و تیاچوون ئەڕوات.

وە دەبێت بانگخوازان زمانیان بەردەوام بێت لە دووبارەکردنەوەی ئەو دروشمەدا کە خوا فێری پێغەمبەری کرد.

﴿قُلۡ مَآ أَسۡـَٔلُكُمۡ عَلَيۡهِ مِنۡ أَجۡرٍ﴾ . الفرقان: ٥٧

واتە: پێیان بڵێ من لەسەر ئەم بانگەوازە داوای کرێ و پاداشت ناکەم.

وە ﴿قُلۡ مَا سَأَلۡتُكُم مِّنۡ أَجۡرٍ فَهُوَ لَكُمۡ﴾ سبأ: ٤٧

نابێت داوای پلەوپایەو ناو و شۆرەت بکەن، بەڵکو مەبەستیان لە کارەکەیاندا تەنها ڕەزامەندی خوای پەروەردگار بێت. ئابەمە ئەتوانێت خوا لەخۆی ڕازی بکات و کارەکەشی بەرهەمدار بێت و لای خواو خەڵکی خواش پلەی بەرز بێتەوە، چونکە (ئیخلاص) هەوێنی وەرگرتنی کارو کردەوەیە

لای خوای گەورە، هەندێك دەڵێن: (ئیخلاص) واتە: توانەوە بۆ خواو سوتان لەبەر خوا.

٢. دیاریکردنی مەبەست (تحدید الهدف):

پێویستە ئامانج و مەبەستی بانگخواز ڕوون و ئاشکرابێت لەبەر چاویا، کە بریتییە لە برەودان و هەڵسانەوەی ئیسلام و چاکسازی و کۆتایی هێنان و لە بناغە دەرهێنانی فەسادو خراپەکاری لە جیهانداو لە هەموو بوارەکانی ژیان (ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، سیاسی، ڕەوشتی، زانستی، فکری... هتد) ﴿ إِنۡ أُرِيدُ إِلَّا ٱلۡإِصۡلَٰحَ مَا ٱسۡتَطَعۡتُۚ وَمَا تَوۡفِيقِيٓ إِلَّا بِٱللَّهِۚ عَلَيۡهِ تَوَكَّلۡتُ وَإِلَيۡهِ أُنِيبُ ﴾ . الهود .. ٨٨.

٣. خۆڕازاندنەوە بە ڕەوشتی مجاهدین و تێکۆشە..ن:

بانگخواز وەك تێكۆشەری ڕێگەی خوا وایە، وەك چۆن مجاهید لەسەر سەنگەرێکە لە سەنگەرەکان، بەهەمان شێوە بانگخوازیش لەسەر سەنگەرو بازگەیەکە، وەك چۆن تێكۆشەر شەڕ لەگەڵ دوژمنانی خوا دەکات، ئاواش بانگخواز بە ناڕاستەوخۆ شەڕ لەگەڵ ئەو دوژمنانە دەکات، کە دەیانەوێت ڕێگەی شەهەوات و ئارەزوکاری و گومان دروست کردن بگرنە بەر. . .

ئەوانەی دەیانەوێت نەوەی نوێ چاوبەست بکەن و ئوممەتی ئیسلامی پارچە پارچە بکەن و بیخەنە ناو چاڵی ڕەزالەت و سوکایەتییەوە، بۆیە پێویستە بە ڕەوشتی تێکۆشەر (مجاهد) خۆی بڕازێنێتەوە، وەك: ئازایەتی و ئارامگری و بەردەوامی و . . . هتد.

(بێگومان تێکۆشەر ئەو کەسەیە لە ماڵ و سامان و کات و تەمەن و تواناو بەهرەکانی خۆی بەخواو پەیامەکەی دەبەخشێت، نەك کاتە زیادەو بەتاڵەکانی بە پەیامەکەی ببەخشێت و خۆشی بە (موجاهید) ئەژمار بکات).

٤. بەدەست هێنانی زانستی بەکەڵك:

پێویستە بانگخواز بەشوێن زانستی بەکەڵکدا بگەڕێت، کە لە مامۆستای چاکەوە بە میراتگیراوە، بۆ ئەوەی بەر چاوی ڕۆشن بێت، خوای گەورە ئەفەرموێت:

﴿قُلْ هَٰذِهِۦ سَبِيلِىٓ أَدْعُوٓا۟ إِلَى ٱللَّهِ ۚ عَلَىٰ بَصِيرَةٍ أَنَا۠ وَمَنِ ٱتَّبَعَنِى ۖ وَسُبْحَٰنَ ٱللَّهِ وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ﴾

یوسف: ١٠٨

ئیمامی (موجاهید) دەفەرموێت: (البصیرة): واتە: زانست، جگە لەو دەڵێن: (البصیرة) واتە حیکمەت و کار لە جێی، وە زانایەکی دی دەڵێت: (البصیرة): واتە: یەکتاپەرستی و تەوحید، ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئایەتەکە هەرسێ واتاکە لەخۆی دەگرێت، کە دەبێت بانگخواز یەکتاپەرست بێ و بۆ لای ئەو بانگ بکات و مەبەستی هەر ئەو بێت و هەر لەویش بترسێ و جگە لەو لە کەسی دی نەترسێ و ئومێدی بە غەیری خوا نەبێت...

وە ئەو پەڕی خۆشەویستی بۆ خوا بێت، دەبێت بانگخواز خاوەن زانستێکی بەکەڵك بێت، ئەویش ئەوەیە کە خواو پێغەمەرەکەی ﷺ فەرموویانە... تا خەڵکی

بەرچاورۆشنی بانگ بکات، وە چەندێك ئەتوانێت لە قورئانی پیرۆز بکوێژێتەوە بۆ دڵی و لەبەری بکات، گرنگی زۆر بە فەرمودەکانی پێغەمبەرﷺ بدات و (صەحیح) و (لاوازیان) لە یەکتری جیا بکاتەوە، تا خەڵکی دڵنیا بن لە زانستەکەی و دڵنیابن کە ئەو ڕێزی بیروبۆچونەکانیان دەگرێ و ڕێز بۆ ئامادە بونیان دادەنێت، وانەو دەرسی بە سودیان بۆ ئامادە بکات، دارێژراو بێت لەسەر ڕێبازی ئەهلی سونناو جەماعەت، هەروەها پێویستە لەسەر بانگخواز کە سوور بێت لەسەر کاتەکانی ژیانی، لە هەڵسان و دانیشتن و هاتوچۆو گەڕانیدا، بە ئەدەبەوە لەگەڵ خاوەن زانستەکان دابنیشێ و ڕێزی گەورە بگرێ و سوود لە مامۆستاو بانگخوازانی پێش خۆی وەربگرێت، جا ئەگەر وایکرد ئەوا تیرەکانی نیشانە ئەپێکن و وتەکانی بەسوود دەبن و بەڵگەکانی بەهێزو ڕۆشن دەبن، بە داخەوە زۆرکەس لەدوای ئەوەی کەمێك زانست وەردەگرن، توشی نەخۆشی ئەنانیەت و خود پەسەندی ئەبن و زۆرجاریش ئەکەونە باسکردنی ئەو بانگخوازانەی خەڵك گوێیان بۆ دەگرن و لە نێو خەڵکدا بە خراپە باسیان دەکەن، بەم کارەشیان دەرگای هیدایەت لەسەر ئەو دڵانە دادەخەن کە گوێ بۆ ئەو بانگخوازانە دەگرن.

٥. دوورکەوتنەوە لە ژیانی خەیاڵی و بێ وێنەیی:

پێویستە بانگخواز لە دنیای خەیاڵدا نەژی، دەبێ بزانێت کە خۆی و خەڵك کەمتەرخەمن و کەس ناگاتە پلەی (ئەوپەڕی تەواوەتی) . . . .

﴿ وَلَوْلَا فَضْلُ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُۥ مَا زَكَىٰ مِنكُم مِّنْ أَحَدٍ أَبَدًا وَلَـٰكِنَّ ٱللَّهَ يُزَكِّى مَن يَشَآءُ ﴾ نور: ٢١

تەنها خوای گەورە تەواوەو دوورە لە هەموو کەمو کوڕی و نەقسێك، بەلاّم مرۆڤەکان کەم و کوڕن و تەواو نین، دەی مادام مرۆڤ ئاوایە، دەبێت بانگخواز هەڵس وکەوت لەگەڵ کۆمەڵگەو گەنج و پیرو پیاو و ئافرەتدا وابکات، کە ئەوانە سەرچاوەی هەموو کەم و کوڕییەکن، لەبەر ئەوە پێغەمبەر ﷺ بەشێوەیەك هەڵس وکەوتی لەگەڵ خەڵکی کردووە کە زانیویەتی، کەمتەرخەمن، بۆیە کە کەسێکی وای دەبینی ڕێنموونی و هاوکاری دەکردو هانی ئەدا و دەستی دەگرت بۆ سەر ڕێگەی ڕاست و دەبووە ڕێنیشاندەری . . .

بێگومان ئەو بانگخوازەی کە لە دنیای خەیاڵدا دەژی، بە کەڵکی خەڵك نایەت، چونکە ئەم وا لە خەیاڵیدا دائەنێت کە خەڵکی فریشتەن، تەنها جیاوازیان خواردن و خواردنەوەیە، ئەمەش هەڵەیە.

بە تایبەت لەم سەردەمەدا کە نە پێغەمبەری پێشەواﷺ هەیەو نە هاوەڵە هەڵبژاردە بەڕێزەکان، وە ئەهلی زانست زۆرنین و ئارەزوکاری زۆر بووەو باڵی کێشاوە بەسەر خەڵکدا، بیدعەو شتی تازە لە هەموو شوێنێك خۆی کێشاوە بەسەرماندا و لەناو ئارەزووکاریدا نوقوم بوین.

وە لە هەموو شوێنێکەوە دوژمنایەتیمان دەکرێ و لە کۆنگرەو کۆبونەوە جیهانیەکاندا نەخشە دەکێشرێت، لە پشتەوە زایۆنیزمی جیهانی و ئەلقە لەگوێکانن دایدەڕێژن، بۆیە پێویستە لەسەر زاناو بانگخواز کە هەڵس و کەوتی مرۆڤانە لەگەڵ خەڵکی بکەن، مرۆڤ زۆرجار هەڵە دەکات، ڕێگەی ڕاست بزر دەکات، کاری نابەجێ و ناڕاست دەکات، بەڵام دەبێت بانگخواز نەخۆشیەکە دیاری بکات و چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزێتەوەو بەرچاوی ڕۆشن بکاتەوە تا ڕێگاکەی لێ تێك نەچێت و شەیتان بەسەریدا زاڵ نەبێت.

٦. لە ڕەحمەتی خوا بێ ئومێد نەبوون:

بانگخواز نابێت توڕە ببێت کاتێك گەنجێك ڕووداو یان گرفتێکی هەبوو وە هێنای بۆ لای تا بۆی چارەسەر بکات، ئیتر بێ ئومێد ببێ و بڵێ ئیتر تەواو مادام کەوتووەتە هەڵەو تاوانەوە. . .

ئەوەتا هاوەڵی پێغەمبەرﷺ دەهێنن بۆ لای کە زیاتر لە (٥) جار ئەو کارەی کردووەو سنوری خوای بەزاندووە، کە لە صەحیحی بوخاریدا هاتووە، کاتێ هێنایان، عقوبەو سزای دراو سنوری خوای بەسەردا جێبەجێ کرا، کە داری سزا(حەد) بوو. . . .

هەندێك لە هاوەڵان وتیان: خوا گرتی، ئای چەند عارەقی خواردووە، بەڵام پێغەمبەر ﷺ توڕە دەبێ و بەو پیاوە ئەفەرموێت: قسەی وا مەکە، یارمەتی شەیتانی سەری مەدە، سوێند بەوەی گیانی منی بە دەستە هیچ نازانم تەنها ئەوەندە نەبێت کە ئەو پیاوەی داری سزای لێدرا خواو پێغەمبەرەکەی خۆشیان دەوێت. !!

سەیرکە چەند حیکمەتێکی جوان و ئاراستەکردنێکی گەورەیە، بۆیە بەردەوام وتراوە: بێ ئومێد مەبە لە خەڵکی، هەرچەندە تاوان و گوناە و سەرپێچی و هەڵەی تێدا بێت، وا

دابنێ کە ئەمانە پشتی محمدن ﷺ ، ئەوانە جێگەی ئومێدی ئەم میللەتی ئیسلامەن، پێدەچێت ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەمانە دەبینێت کە دەرگای پەشیمانیان لێبکراوەتەوەو ڕاستگۆو دڵسۆزو پەشیمان و دەست بە دەسنوێژن . . .

بۆیە دەبێت بانگخواز بێ ئومێد نەبێت لە وەڵامی نەخێری خەڵکی بۆ بانگەوازەکەی، بەڵکو لە سەریەتی کە ئارام بگرێت و بەردەوام بێت، دوعای خێریان بۆ بکات لە کاتی عیبادەت و سوجدەدا، وە دڵخۆش بێت بەوەی کە سبەینێ بەهۆی گەڕانەوەیان ئەمیش زیاتر دڵ ئارام دەبێت، وە ئیتر با پەلەیان لەسەر نەکات، ئەوەتا پێغەمبەرەکەمان ﷺ (١٣) ساڵ لە مەککە ئەمێنێتەوەو بانگەواز بۆ (لا إله إلا الله) دەکات و بێ تاقەت و نائومێد نابێت، لەگەڵ ئەو هەموو ئازارو نارەحەتیەدا، لەگەڵ ئەو هەموو قسە ناشیرین و توانجانەی کە ئاراستەیان دەکرد، چەندە توشی ئازارو نارەحەتی دەبوو، کە ئەگەر ئازاری بانگخوازان کۆ بکەیتەوە کە توشیان بووە، ناگاتە گەردیلەیەك لەو ئازارو نارەحەتیانەی کە ڕووبەڕوی پێغەمبەرﷺ دەبویەوە. . . لەگەڵ ئەوەش دا ئارامی دەگرت و دەرون و نەفسی خۆی سەرکۆنە دەکرد، بەرد بارانیان کردو لە تائیف دەریان کرد هەتا فریشتەی کێوەکان هاتە لایی و ووتی:

ئەگەر فەرمان دەکەی ئەو دوو کێوە ئەدەم بەیەکداو تەفرو تونایان دەکەم، بەلاّم پێغەمبەری بەسۆزﷺ ئەفەرموێت: نەخـێر !!! بەڵکو من داواکارم لە خوای گەورە لە پشت و رۆڵەی ئەوانەوە کەسانێك دروست بکات کە تەنها خوا بپەرستن و هیچ شەریك و هاوەڵی بۆ بڕیار نەدەن. (بوخاری ڕیوایەتی کردووە).

بۆیە خوای گەورە لە پشت و نەوەی گەورە پیاوانی ئەوان کەسانی هیدایەت دا، لە نەوەی (وەلیدی کوڕی موغەیرە) (خالیدی کوڕی وەلید) موسوڵمان بوو، لە نەوەی (أبو جەهل) (عیکرەمەی کوڕی أبو جەهل) موسوڵمان بوو ، (خەڵکی تائیف لە (عام الوفود) هاتنە خزمەتی و موسوڵمان بوون).

بەڕاستی ڕێگایەکی جوان و ئاکارێکی بەرز و شیرینە کە هەرگیز بانگخواز بیٚ ئومێد نەبێت، بزانێت کە ئەو کەسەی ئێستا لە تاواندا ڕۆچووە، پاش سەرپێچی کردنەکە دەڕواتە بەردەم مزگەوتێك یان وتار بێژێك یان بەردەم زاناو خواپەرستێك تا دەرسی دادات.

کێ هەیە هەرگیز گوناهی نەکردبێت ؟

کێ هەیە تەنها چاکەو چاکەکاری کردبێ و بەس؟ بێ ئومێدی لەگەڵ بەرنامەو پڕۆگرامی قورئان ﷺ فەرمودەدا ناشێت، دەی کەوابوو بێئومێد مەبە لە سۆزی خوا، چونکە بەڕاستی سۆزو بەزەیی خوا هەموو شتێکی گرتووەتەوە، خوای گەورەو بەخشندەو میهرەبان لە فەرمودەیەکی قودسیدا دەفەرموێت: ﴿ يا إبن آدم إنك ما دعوتني ورجوتني إلا غفرت لك ولا أبالي، يا إبن آدم لو بلغت ذنوبك عنان السماء، ثم إستغفرتنى غفرت لك، ولا أبالي، ياإبن آدم لو أتيتنى بقراب الأرض خطايا، ثم جئتني، لا تشرك بي شيئاً، للأتيتك بها مغفرة﴾.

واتە: هەرکات داوا بکەی و ئومێدت بە لێبوردن هەبێت، لێت خۆش دەبم و باکم نیە، ئەی نەوەی ئادەم ئەگەر گوناهەکانت بگاتە کەشکەشانی ئاسمان، پاشان داوای لێخۆشبوون بکەی، باکم نییەو لێت خۆش دەبم، ئەی نەوەی ئادەم ئەگەر بە ئەندازەی زەوی گوناهـ بکەیت، هاوەڵم بۆ بڕیار نەدەیت و بە ئیمان و تەوحیدەوە بگەڕێیتەوە، لێت خۆش دەبم.

بۆیە پێویستە بانگخواز بێئومێد نەبێت لەو کەسانەی کە بانگیان دەکات، وە لەگەڵیاندا بژی و وا چاوەڕوان بکات کە هەر ئەوانەن ڕۆژێك لە ڕۆژان دەبنە ئەندامێکی ئەم بانگەوازەو دەبنە ئەولیاو پیاوی خوا، کەواتە با لەگەڵیاندا بژی و هەنگاو بە هەنگاو دەستیان بگریٚ و پەیوەندیان لەگەڵدا نەپچڕێنێت

لە سیرەتی پێغەمبەردا ﷺ هاتووە کە وەفدێك لە ثەقیفەوە دێنە لای پێغەمبەری خوا ﷺ، ئەویش بانگیان دەکات بۆ دین، دەڵێن: شایەتی ئەدەین کە هیچ پەرستراوێك نیە جگە لە زاتی (أللّه) و وە تۆش پێغەمبەری خوایت، بەلاّم نوێژ ناکەین و زەکات نادەین، وە لە پێناوی ڕێگەی خوادا تێناکۆشین، پێغەمبەرﷺ فەرمووی: (أما الصلاة فلا خير في دين لا صلاة فيه)

واتە: خێر لە دینێکدا نییە نوێژی تیا نەبێت، بەلاّم بۆ زەکات و جیهادو ڕازی بوو، هەندێك لە هاوەلاّن وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئێمە چییان لەگەڵ بکەین؟ فەرمووی: وازیان لیٚ بێنن با موسوڵمان بن، چونکە ئەگەر ئیمانیان هێناو باوەڕ چووە دڵیانەوە ئەوکاتە زەکات ئەدەن و تێدەکۆشن..

کێ هەیە هەرگیز گوناهی نەکردبێت ؟

کێ هەیە تەنها چاکەو چاکەکاری کردبێ و بەس؟ بێ ئومێدی لەگەڵ بەرنامەو پرۆگرامی قورئان ﷻ فەرمودەدا ناشێت، دەی کەوابوو بێئومێد مەبە لە سۆزی خوا، چونکە بەڕاستی سۆزو بەزەیی خوا هەموو شتێکی گرتووەتەوە، خوای گەورەو بەخشندەو میهرەبان لە فەرمودەیەکی قودسیدا دەفەرموێت: ﴿ يا إبن آدم إنك ما دعوتني ورجوتني إلا غفرت لك ولا أبالي، يا إبن آدم لو بلغت ذنوبك عنان السماء، ثم إستغفرتني غفرت لك، ولا أبالي، ياإبن آدم لو أتيتني بقراب الأرض خطايا، ثم جئتني، لا تشرك بي شيئاً، للأتيتك بها مغفرة﴾.

واتە: هەرکات داوا بکەی و ئومێدت بە لێبوردن هەبێت، لێت خۆش دەبم و باکم نیە، ئەی نەوەی ئادەم ئەگەر گوناهەکانت بگاتە کەشکەشانی ئاسمان، پاشان داوای لێخۆشبوون بکەی، باکم نییەو لێت خۆش دەبم، ئەی نەوەی ئادەم ئەگەر بە ئەندازەی زەوی گوناهـ بکەیت، هاوەڵم بۆ بڕیار نەدەیت و بە ئیمان و تەوحیدەوە بگەڕێیتەوە، لێت خۆش دەبم.

ڕەوشتی بانگخواز ئەوەتا کە گوناه و تاوان لای خەڵك ناشیرین بکات، بەڵکو بیان ترسێنێت لە خوای تاك و تەنهاو ئومێدیان بە ڕەحمی خوا بۆ دروست بکات . . . .

هەندێك بانگخواز کاری گوناهـ بە ئاسان و سوك دەکەن، ئەگەر کەسێك گوناهێکی گەورەی کردبێت، دەڵێت : (ئاسانە)، ئەگەر یەکێك هەڵەیەکی کردبێت بچووکی ئەکاتەوەو بەسوکی سەیری ئەکات .

ئایا نازانێت کە خوایەك هەیە تورە دەبێت کاتێك سنورەکانی ببەزێنرێت؟ وە خوایەك هەیە لەسەرو عەرشەوەو بەو هەموو دەسەڵاتەوە ڕازی نیە ئەتکی سنورەکانی بکرێت؟

لە فەرمودەیەکی صحیح دا هاتووە، کە پێغەمبەری خواﷺ دەفەرموێت : ﴿ تعجبون في غيره سعد؟ والذي نفسي بيده إني أغير من سعد، وإن الله أغير مني ﴾ أخرجه البخاري .

واتە : سەرسامن بە غیرەت و شەهامەتی سەعد، سوێند بەو زاتەی گیانی منی بە دەستە من بە غیرەت ترم لە سەعدو خواش لە من بە غیرەت ترە .

بەڵکو یەکێك لە سیفاتەکانی خوا (غيور)ە ، هەروەك لە فەرموودەی (صحيح)دا هاتووە(إبن مسعود)دەیگێڕێتەوەو دەفەرموێت : ﴿ إن الله غيور، ومن غيرته سبحانه وتعالى أنه يغار على عبده المؤمن أن يزني وعلى أمته المؤمنة أن تَزني ﴾ .

٧. هێرش نەکردنە سەر خەڵك بە ناوی خۆیانەوە:

ڕەوشت و ئادابی بانگخواز وایە کە هێرش نەکاتە سەر کەس بە ناوی خۆیانەوە، لەسەر مینبەرو لەناو خەڵکدا ناشیرینیان نەکات، بەڵکو ئەوە بکات کە پێغەمبەر ﷺ کردویەتی و فەرمویەتی . . .

﴿ ما بال أقوامٍ يفعلون كذا وكذا ﴾ ... ئیتر خاوەن هەڵە هەڵەکەی دەناسیٚ و ناو و شورەت دەرناکات، بەلاّم کەسانێك کە زیانی گەورەیان هەیەو پێشڕەوی خەڵکن بۆ کاری نا دروست و خەڵك بەرەو ئاگر دەبەن و هێرشی درۆ دەکەنە سەر خواو پێغەمبەرو کتێبەکەی، وە بۆ ئەوەی خەڵك لە شەڕو ئاژاوەی ئەوانە دوربێت و خۆیانی لیٚ بپارێزن، دەگونجیٚ ناویان ببریٚ. بە تایبەت لە شوێنی گونجاودا.

ئەوەتا خاوەن زانست و موسوڵمانانی سەلەف (جەهەمی کوڕی صفوانیان) ئاشکرا دەکرد. ئیمامی (إبن مبارك) دەربارەی (جهم) دەفەرموێت: ئەو تاوانبارەی پێشڕەوی ئومەتی دەکرد بۆ کەلێنی تیاچوون، وە شتی تازەو نا دروستی لە دیندا زیاد کردبوو.

هەروەها ناوی (جەعدی کوڕی درهم) زڕاو ناویان لە پەڕاوی فەرمودەدا هاتووە، خەڵکی دوورە پەرێز بوون لە دانیشتنی گشتی و تایبەتدا.

کەسانێك پێویستە ناویان بشاردرێتەوە کە ویستی خێریان هەیەو هەڵە دەکەن و قاچیان ئەترازێت، یان لە قۆناغێکی ژیاندا بەهەڵەدا ئەچن، هەوڵ مەدە ناوی ئەمانە بزڕێنی و لە لیستی ڕەشدا تۆماریان بکەی، چونکە ئەو ناو زڕاندنە مەغروریان دەکات و وایان لێدەکات سوربن لەسەر کاری خراپ و تاوانکاری.

٨. بانگخواز لەناو خەڵکیدا (تزکیة) و وەصفی خۆی ناکات:

لەسەر بانگخواز پێویستە کە لەناو خەڵکدا وەسفی خۆی نەکات، بەڵکو دەبێت بزانێت کە خۆی کەمتەرخەمە هەرچییەك بکات، وە سوپاسی خوای گەورە بکات کە کردویەتی بە وتەبێژ بۆ خەڵك، وە بانگخوازە لە جێگەی پێغەمبەرﷺ، وە سوپاسگوزاری خوای گەورە بکات لەسەر ئەم بەخششە، بۆیە خوای گەورە بە پێغەمبەرەکەی

ﷺ دەفەرموێت: ﴿ وَلَوْلَا فَضْلُ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُۥ مَا زَكَىٰ مِنكُم مِّنْ أَحَدٍ أَبَدًا ﴾ نور: ٢١ .

ئەوەتا كاتی لە كۆتایی جێبەجی كردنی پەیامەكەیدایە، ئەفەرموێ و فێری دەكات كە (سبحان الله) پاك و پێگەردی خوا بكات و داوای لێخۆش بوون بكات و سەركەوتنەكان بەهی خوا بزانێت.

﴿إِذَا جَآءَ نَصْرُ ٱللَّهِ وَٱلْفَتْحُ ۞ وَرَأَيْتَ ٱلنَّاسَ يَدْخُلُونَ فِي دِينِ ٱللَّهِ أَفْوَاجًا ۞ فَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ وَٱسْتَغْفِرْهُ ۚ إِنَّهُۥ كَانَ تَوَّابًۢا ﴾ النصر: ١-٣

زانایان دەڵێن: فەرمانی پێدەكات كە داوای لێخۆش بوون بكات، واتە ڕەنگە هەندێ جار كەمتەرخەم بێت لەو كارەی كە دەیكات، ئەو كاتە پێویستە (أستغفر الله) بكات، ئەو نازانێت بە ڕاستی تەنها بۆ خوایە منەت و هەر خوایە بەخشەر.

كەواتە: بانگخواز نابێت خۆی پاك ڕاگرێت وەك ئەوەی بلێت: من بەردەوام فەرمانم پێكردن، ئێوە سەرپێچیتان كردووە، بەرگری و نەهیم لێكردوون ، بەلاَم جێبەجێتان نەكردووە، من

بەردەوام تێبینی و ڕەخنەم لەسەرتان هەبووەو من ئەبینم و ئەڵێم . . . وە من بەردەوام بەخۆم ئەڵێم کە ئەم ئومەتە تاکەی گوناهـ وتاوان ئەکەن؟؟ نابێت ئەم جۆرە قسانە بکات کە دەبێتە هۆی تاوانبارکردنی خەڵکی و پاك کردنەوەی خۆی، ئیتر دەرون و نەفسی خۆی لە سزا دەپارێزێت، وەك ئەوەی هیچی لەسەر نەبێت، ئەمەش هەڵەیە ، بەڵکو ئەبێت کەم و کورتی و گوناه بۆ یەکتری بگێڕێتەوە.

پێیان بڵێت: هەموومان کەوتوینەتە ئەم ڕووداو هەڵەیەوەو هەمووما‌ن هەڵەمان کردووە. . . وە لەسەر هەمووما‌ن پێویستە، بۆ ئەوەی خۆی لە لۆمەو سەرزەنشت دەرنەکات . . . چون ئێمە یەك خێزانین، زۆرجار یەکێك لە دانیشتوان لە بانگخواز پاکترو چاکترەو لای خواش خۆشەویست ترەو نزیکترە.

٩. نەتوانەوەو بێ ئومێد نەبوون لەکاتی زۆری خراپەکاری و خراپەکاراندا:

بێگومان خراپەکاران لەسەر زەویدا زۆرن، بۆیە نابێت دەرونی بانگخواز داخورێ و هیواو ئومێد نەپچڕێ، کاتێك کە دەبینێت خەڵکی بەرەو هەواو ئارەزوو مل دەنێن، بەرەو زیادەڕۆیی دەڕۆن، بەڕاستی کەمێك لە خەڵکی ڕوودەکەنە وانەو دەرسەکان، ڕەنگە بڵێی ئەوە چییەو بۆچی وایە؟

دەڵێم: ﴿سُنَّةَ ٱللَّهِ فِى ٱلَّذِينَ خَلَوۡاْ مِن قَبۡلُ ۖ وَلَن تَجِدَ لِسُنَّةِ ٱللَّهِ تَبۡدِيلًا﴾ الأحزاب: ٦٣

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا باسی کردووە کە ئەهلی تاوان زۆرترن، گومڕایی زیاترە، خراپەکاران زیاترن، خوای گەورە دەفەرموێت: کەمێك لە بەندەکانم سوپاسگوزارن.

﴿وَقَلِيلٌ مِّنۡ عِبَادِىَ ٱلشَّكُورُ﴾ سبأ:١٣

هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَإِن تُطِعۡ أَكۡثَرَ مَن فِى ٱلۡأَرۡضِ يُضِلُّوكَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ الانعام:١١٦

هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَمَآ أَكۡثَرُ ٱلنَّاسِ وَلَوۡ حَرَصۡتَ بِمُؤۡمِنِينَ﴾ یوسف: ١٠٣

﴿أَفَأَنتَ تُكۡرِهُ ٱلنَّاسَ حَتَّىٰ يَكُونُواْ مُؤۡمِنِينَ﴾ یونس: ٩٩

﴿لَّسۡتَ عَلَيۡهِم بِمُصَيۡطِرٍ﴾ غاشیە: ٢٢

﴿لَّسۡتُ عَلَيۡكُم بِوَكِيلٍ﴾ الأنعام: ٦٦

کەواتە ئێمە توانای جەڵدو دارمان نیەو ناتوانین سزای خەڵك بدەین و محاسەبەیان بکەین، بەڵکو تەنها توانای خۆشەویستی و بانگکردنیانمان هەیە، ڕوخۆش و کراوە بین لەگەڵ خەڵکداو بانگی خەڵك بۆ ئەو بەهەشتە بکەین کە فراوانی بەقەد هەموو ئاسمانەکان و زەوییە، جا ئەگەر وەڵامی باشیان دایەوە، ئەوا سوپاس وحەمدی خوای گەورە دەکەین، ئەگەر وەڵامیشیان نەدایەوەو بەرپەرچیان دایەوە، ئەوا ئەیاندەینە دەست پەروەردگار تا محاسەبەیان بکات.

ئیتر بانگخواز نابێت داڕوخێ و بڵێت: چییە بۆچی خەڵك وا کەم ڕوو دەکەنە وانەو ئامۆژگارییەکان، دەربارەی ئەوانەی کە ڕوولە شوێنی گاڵتەو لەهو دەکەن،

دەڵێم: ئەوە سوننەت و یاسای خوایە، بۆیە هەندێ لە زانایان وتویانە: بێ بڕواکان لە زەویدا زۆرترن لە موسوڵمانەکان، ئەهلی بیدعەو خورافیات زیاترن لە ئەهلی سوننەت، وە ئەهلی ئیخلاص و دڵسۆزان لە ئەهلی سوونەت، کەمترن لە ئەهلی غەیری دڵسۆزان.

بۆیە دەبێت بانگخوازلەگەڵ واقیعی خەڵکدا بژی، ژیانیان موتالا بکات و لە هەواڵ و دەنگوباسیان ئاگادارو شارەزا بێت . . .

خوای گەورە بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ﴿وَكَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ ٱلْأَيَٰتِ وَلِتَسْتَبِينَ سَبِيلُ ٱلْمُجْرِمِينَ﴾ الأنعام: ٥٥

بەڕاستی حیکمەتی گەورەی تیایە کە خوای گەورە ماوەی چل ساڵ پێغەمبەر ﷺ لە مەککە دەژێنێت، لەناو دۆڵ وشیوەکان مەککە دەژیا، ڕێگەی چوزن و هاتن و شارەزابوونی ڕووداو کارەسات و شوێنە تایبەتی و ڕێگە گەورەکانی دەزانی و ماڵەکانی دەناسین، کاتێك کافرەکان ڕەخنەیان گرت، ﴿وَقَالُوا۟ لَوْلَآ أُنزِلَ عَلَيْهِ مَلَكٌ﴾ الأنعام: ٨

وتیان: دەبوو مەلائیکە نازڵ بوایە و ببوایە بە پێغەمبەر، بۆیە خوای گەورە ڕوونی دەکاتەوە کە پێغەمبەر دەبێت مرۆڤ بێت و لەگەڵ نارەحەتی خەڵکدا بێت و لەناو گیروگرفت و کێشەکانیاندا بژی و پێویستیەکانیان بزانێ و بناسێ، بۆیە پێویستە لەسەر بانگخواز کە خوێنەرو موتالآکاری واقیعی ژیان بێت، کەڵك لە کۆمەڵگاکەی وەربگرێت، دەبێت بزانێت کە ئەو وڵات و شارە چی تیا ڕوو ئەدات؟؟

چی ئەوترێت ؟ کارەسات و ڕووداوە گرنگەکانی ئەم ماوەیە چین؟ شارەزای فرۆشیارو دوکان و بازارو بازرگان و جوتیارو هەموو چینەکانی خەڵك بێت، بەلاچاو سەیری هەموو شوێنێك بکات و شوێنی کۆڕو کۆبونەوەی خەڵك بزانێ و ئاگاداری نادی و چاخانەو . . . هتد بێت. . .

بۆ ئەوەی کەسایەتییەکی بەهێزی هەبێت و لەگەڵ واقیعێکدا بدوێت کە شارەزایی دەربارەی هەبێت، بۆیە ئەهلی زانست یەکێك لە پێویستیەکانی ئەو بانگخوازەی کۆچ دەکات بۆ وڵاتێك ئەوەیە کە مێژووی ئەو وڵاتە دیراسە بکات، هەندێك لە زانایان کاتێك بەرەو دەرەوەی ووڵات دەڕۆن، هەندێك بیرەوەری و پەڕاو دەربارەی ئەو ووڵاتەو مێژوو جوگرافیاکەی دەبەن و

لێکۆڵینەوەی زانستی و دەروونی ئەو وڵاتە دەکەن و لە تایبەتمەندی ئەو شوێنەو خەڵکەکەی شارەزا دەبن .

و دەکۆڵنەوە لە چۆنیەتی پەروەردە لەو وڵاتە، بۆ ئەوەی لەسەر چاورۆشنی قسە بکەن و لەگەڵ خەڵکدا بدوێن .

١٠. لانەدان و زیادە ڕەوی نەکردن لە پەراوی خوایی (قورئان):

هەندێك لە بانگخوازان و ووتاربێژان، خۆشەویستی و دڵسۆزیان وادەکات کە لە بەرنامەی خوایی لا بدەن و بڕیاری زیاتر لە قورئانی پیرۆز بدەن، دەبینیت کاتێك قسەدەکەن لەسەر گوناهێك و مەعصیەتێك، سزای بۆ دیاری دەکەن زیاتر لەوەی کە خوای گەورە دیاری کردووە، هەتا کەسێك کە بیەوێت بەرگری و نەهی لە گوناهێك بکات، کە لە قورئاندا سزاکەی دیاری نەکراوە، بۆ نموونە ئەڵێت: ئەی بەندەکان بەڕاستی هەرکەسێك فلاَن گوناه بکات(بۆ نموونە جگەرە بکێشێت)، ئەوە خوای گەورە بەهەشتی لەسەر حەرام دەکات و سزای ئەدات بە جەهەننەمی سوتێنەر . . . !!

ئەمە بە ڕاستی هەڵەیە، چونکە پێوانەو کێشانە هەیە لە شەرع و یاسای ئیسلامدا، ئەوەتا شیرك و هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوا، مرۆڤ لە نەتەوەی ئیسلام دەرئەکات. . .

وە گوناهی گەورە هەن و گوناهی بچووك هەن، هەندێ شت هەن موباحن، خوای گەورەش بۆ هەموو شتێك قەدەرو پێوانەی دیاری کردووە.

پێویستە بەسەر خەڵکەوە. . وە هەمان شێوەش لەکاری چاکەشدا، با ئەندازەی دیاریکراو باس بکات، نەك گەورەی بکات، بۆ نموونە: لە مەسئەلەی سیواکدا بە بەڵگەی ئەم فەرمودەیە کە بڵێت:

﴿صلاة بسواك أفضل في سبعين صلاة بلا سواك﴾

نوێژی بە سیواك لە (٧٠) نوێژی بێ سیواك پلە بەرزترە، کە لە ڕاستیدا ئەمە فەرمودەیە هیچ سەرچاوەیەکی نیەو بێهێزە، یا لە فەرمودەیەکی تردا کە ئەمیش بنچینەی نیە باس بکات ، کە دەڵێت:

﴿من قال لا إله إلا الله محمد رسول الله بنى الله له سبعين قصراً في الجنة في كل قصر سبعين حورية، على كل حورية سبعين وصفاً، ويبقى في سبعين في صلاة العصر إلى صلاة المغرب﴾

چۆن گەورە کردنی چاکە یان خراپە ڕاست نیە، بۆیە دەبێت بانگخواز وا هەست بکات و بزانێ کە ئەم باسی دین دەکاو خەڵك قسەکانی بە قسەی قورئان و فەرموودەی پێغەمبەرﷺ دەزانن، واتە بەناوی خواو پێغەمبەرەوە دەبیێژێت.

١١. بەڵگە نەهێنانەوە بە فەرمودەی هەڵبەستراو بەدەم پێغەمبەرەوە:

پێویستە لەسەر بانگخواز کە فەرمودەی دروستکراو بە بەڵگە نەهێنێتەوەو نەیکات بە پاڵپشتی قسەکانی، مەگەر بیەوێت شتێك ڕوون بکاتەوە کە بڵێت ئەم فەرمودەیە مەوزوعەو هەڵبەستراوە...

وە دەبێت بزانێت کە سوننەت پوختە کراوەو پاڵفتەیە، ئەوەتا کاتێ کە (مصلوب)یان هێنا، ئەو تاوانبارەی کە چوار هەزار (٤٠٠٠) فەرمودەی بەدەم پێغەمبەری خواوە ﷺ هەڵبەستبوو بە درۆو بوختان، هێنایان بۆ لای هارونە ڕەشید بۆ کوشتنی، هارونە ڕەشید شمشێری ڕاکێشا، کابرا ووتی: بمکوژی و نەمکوژی سوێند بەخوا (٤٠٠٠) فەرمودەم هەڵبەستووە بۆ ئوممەتی محمد!!!

هارونە ڕەشید ووتی: ئەی دوژمنی خوا بەسەر ئەو چەندین چاکسازو فەرمووده ناسە هەن کە هەڵدەستن بە دەرهێنانی قسە هەڵبەستراوەکانت و دەری دەهێنن، وەك (إبن مبارك) و(إبن إسحاقی مروزی) بۆیە سێ ڕۆژ تێنەپەڕی کە (عبدالله ی کوڕی مبارك) هەموو قسە هەڵبەستراوەکانی دیاری کردو دەریهێنان، وە ڕونی کردەوە کە ئەمانە هەڵبەستراو و دروستکراون، جا سوپاس بۆ خوا قسەی دروست کراو بە دەم پێغەمبەرەوە ﷺ ڕوون و ئاشکران . . . وە دەبێت بانگخواز ئاگادار بێت و لەناو خەڵکدا باسیان نەکات، هەرچەندە بوترێ ئەمە بۆ بەرژەوەندی بانگەوازە . . نەخێر . . بەرژەوەندی هەمووی لەوەدایە کە لە پێغەمبەرەوە ﷺ هاتووە، وەك فەرمودەی (علقمەو) ڕووبەڕو بونەوەی لەگەڵ دایکی و فەرمودەی ئەعلەبە زەکات و . . . چەندین فەرمودەی درۆو هەڵبەستراو کە دروست نیە باس بکرێن، چونکە زیانیان لەسەر ئوممەت گەورەترە، شوێنەواریان لەسەر ئوممەت قورسە، بەڵام جائیزو دروستە بانگخواز بۆ خەڵکی ڕوون بکاتەوە لە دەرس و وتارو کۆڕ دا بۆ ئەوەی خەڵکی بزانن و شارەزا ببن لە فەرمووده هەڵبەستراوەکان . . .

بەڵام فەرمودەی بێ هێز چەند مەرجێك هەیە بۆ کردنیان بە بەڵگەو دەلیل، ئەوانیش:

أ/ نابێت پلەی زۆر لاوازبێت، واتە نابێت ئەو فەرمودەیە زۆر بیٚ هێز بێت.

ب/ دەبێت قواعیدو یاسایەکی شەریعەت لایەنگری و پشتگیری ئەو فەرمودەیە بکات.

ج/ نابێت باسی ئەحکام و یاسا بێت، بەڵکو لە باسی کردەوەی چاك و خێردا بێت.

شێخی ئیسلام (إبن تیمیە) لە ئیمامی (أحمد)ەوە دەگێڕێتەوە لە مجلەی (١٨) دا کە فەرمویەتی: ئەگەر لە باسی حەلاڵ و حەرام دا بوایە، ئەوە زۆر توندی دەکردو توند دەبوین، بەلاٌم ئەگەر لە کاری چاکدا بوایە، ئەوا ئاسانکار دەبوین، ئەمە قسەیەکی باشە، هەرچەندە ئیجماعی لەسەر نییە. (مجمع الفتاوی ج/ ١٨/ ٦٥).

١٢. تانە نەدان لەڕێکخراو و دامەزراوە خزمەتگوزاری و کۆمەڵایەتی یەکان:

دەبێت بانگخواز تانەو تەشەر نەدات لە دامەزراوەکان و ناویان نەبات، بەڵکو پێویستە لەسەری مەنهەج و ڕێگەی ڕاست ڕوون بکاتەوە و پوچ و بەتاڵ ڕوون بکاتەوە، ئیتر خاوەن حەق و ڕاستی خۆی دەناسێ و خاوەنی ڕێگەی خراپ و بەتاڵ ئەزانێت کە ئەو بەتاڵە، چونکە ئەگەر تانەو تەشەر بدەی لە کۆمەڵگەوهۆزو دامەزراوەکان و کارگەکان، ئەوا بە هەزارەها کەس لە کەس و کارو لایەنگری ئەوانە هەڵدێن و ڕادەکەن و لێت دوردەکەونەوەو وەڵامی بانگەوازەکەت نادەنەوەو وازت لێ دێنن و ئەمەش هەڵەیەکە لە خۆتەوەیە.

کەسێك بڵێت: ئەوهۆزە هەموو خراپەکارن و فاسقن، بەهەڵەدا چووە، چونکە دەگونجێ کە ڕاستگۆو چاکەکاریشیان تێدا بێت، بۆیە کارێك یان وتەیەك کە گشتی بکەی و بۆ گشتی بەکاری بهێنیت، ڕووبەڕوی هەڵەو ناڕاستی دەبیتەوە، پێویستە بانگخواز وردبێت لە هەڵبژاردنی ووتەو قسە، تا بڕواتە دڵەکانەوەو خەڵکی تورەو بێتاقەت نەکات، چونکە خەڵك تەعەصوبیان هەیە بۆ هۆزو گەل و لەسەری تورە دەبن، خەڵك تورە دەبن ئەگەر قسەی ناشیرین بە کارگە یان موئەسەسەو دامەزراوەکانی بدەی.

بۆیە دەبێت بانگخواز وریای ئەم خاڵە بێت، وە لەسەریەتی کەوا دەرنەخات ئەم بەرزترە لەوان یان لە هاوەڵەکانی و خۆشەویستەکانی یا لە بانگ کراوان ، وەك ئەوەی بڵێت: وتم یا کردم یا نوسیم یا تورە بووم، یا دڵخۆش بووم. . . هتد.

بەڕاستی ووشەی (من) یەکێکە لەو وتانەی کە شەیتان بەکاری هێناوە.

(إبن قیم) لە وتەیەکیدا کە واتاکەی بەم شێوەیەیە دەڵێت: خۆت بپارێزە لە سێ ووشە، (أنا، لی، عندی) ،واتە: (من ، بۆ من، لای منە)، چونکە شەیتان ووتی:

﴿قَالَ أَنَاْ خَيْرٌ مِّنْهُ خَلَقْتَنِي مِن نَّارٍ وَخَلَقْتَهُۥ مِن طِينٍ﴾ الأعراف: ١٢

واتە: من چاکترم لە(ئادەم).

وە فیرعەون ووتی:

﴿ أَلَيْسَ لِي مُلْكُ مِصْرَ﴾ الزخرف: ٥١

ئایا سەروەت و سامانی میصر هەمووی بۆ من نیەو هی من نیە؟

هەروەها قارون ووتی: ﴿قَالَ إِنَّمَآ أُوتِيتُهُۥ عَلَىٰ عِلۡمٍ عِندِيٓ﴾ القصص: ٧٨

ئەم ماڵ وسامانەم بە زانستی خۆم بە دەست هێناوە.

کەواتە خۆت بپارێزە لە ووشەی (من) و (هی من) و (لای من)، بەلاّم ئەگونجێت ووشەی من بەکاربهێنیت، کە بڵێی بەڕاستی من کەمتەرخەمم، وەك: شێخی ئیسلام ئەفەرموێت:

أنا الفقير إلى رب البريات

أنا المسكين في مجموع حالاتي

وە کاتێك یەکێك ستایشی کرد ئەو فەرمووی:

أنا المكدى وإبن المكدى

وهكذا كان أبي وجدي!

ئەویش فەرمووی: من گوناهبارم و باوکم گوناهبارە! باپیرم گوناهبارە هەتا ئادەم عليه السلام.

کەواتە: بانگخواز لەسەریەتی کە بەردەوام (متواضع) و خۆ بەکەم زان بێت، خۆی بە کەمتەرخەم بزانێت، دەبێت داوای ڕاگۆڕینەوەو پرسکردن لە براکانی بکات، دەبێت

بزانێت لەوانەیە کە کەسی وایان تیا بێت کە لەم ئاگادارترو زاناترو وتە بێژترو رەوانبێژترو چاکتر بێت.

هەندێك لە پێشینان وتویانە: کەسی بێدەنگ چاوەڕێی پاداشتە یان پاداشت چاوەڕێیەتی، بەڵام قسەکەر سزا چاوەڕێیەتی چونکە هەڵەی زۆر دەکات.

۱۲. دەبێت بانگخواز ڕێز بۆ هەموو شتێك دابنێت:

نابێت بانگخواز ڕوداو و مەسەلەیەك لە خۆی زیاتر گەورە بکات، دین دامەزراوەو تەواو کراوە.

﴿ٱلۡيَوۡمَ أَكۡمَلۡتُ لَكُمۡ دِينَكُمۡ وَأَتۡمَمۡتُ عَلَيۡكُمۡ نِعۡمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلۡإِسۡلَٰمَ دِينٗا﴾ المائدة: ٣

کەواتە: نابێت شت لە ئەندازەی خۆی زیاتری بدەیتێ و ناشبێت مەسەلەو کارێکی گەورە سوك و بچووك بکەیتەوە لەلای خەڵکی، بۆنموونە: هەندێك بانگخواز مەسەلەی ڕیش هێشتنەوە لە ئەندازەی خۆی زیاتر گەورە دەکەن هەتا وای

لێدێت وا ئەزانێت مەسەلەی تەوحیدو یەکتاپەرستییە کە مرۆڤی پێ دەچێتە جەهەننەم بۆ هەتا هەتایی، یان بۆ هەمیشە دەچێتە بەهەشتەوە ئەگەر تەرکی نەکات و بیهێڵێتەوە، لەگەڵ ئەوەش دا کە ڕیش هێشتنەوە سونەتە، یان کورت کردنەوەی شەرواڵ و پانتۆڵ یان نان خواردن بە دەستی چەپ، هتد. . ، جا بۆیە دەبێت بە ئەندازە باس بکرێت و گرنگی پێ بدرێت، چون خوای گەورە بۆ هەموو شتێك ئەندازەی دیاری کردووە.

❁ ❁ ❁

١٤. نەرمی لە دواندن و بە بەزەیی لە ئامۆژگاریدا:

بانگخواز پێویستە لە دونیادا نەرم بێت، پێغەمبەری خوا ﷺ وتەکانی نەرم بوون، ڕووی خۆش و کراوە بووەو زۆر ئارام و بێفیز بووەو لەلای گەورەو بچووك خۆشەویست بووە، لەگەڵ ڕیش سپیدا ئەوەستاو مەبەستەکانی بۆ ئامادە ئەکرد، وە منداڵی هەڵدەگرت، دەچووە لای نەخۆش و دەردەدارو سەردان و زیارەتی دەکردن، لەگەڵ هەژارو نەداردا ڕائەوەستاو کۆڵ و باری

عەرەبی دەشتەکی هەڵدەگرت، بەدەم میوانەوە دەچوو، پێغەمبەری خوا ﷺ ئەگەر تەوقەی لەگەڵ کەسێکدا بکردایە، دەستی لانەئەبرد هەتا ئەو لای نەبردایەو کۆتایی پێ نەهێنایە، ئەگەر لەگەڵ کەسێکدا بوەستایە پشتی تێ نەئەکردو بەجێی نەئەهێشت هەتا ئەو تەواو نەبوایەو نەڕۆشتایە، بەردەوام لەگەڵ هاوەڵانیدا دەم بە خەندەو زەردەخەنە بووە، ڕووبەڕوی کەس نەدەبویەوە بە شێوەیەکی خراپ.

جا ئەگەر مرۆڤ ئەوەی کرد لەلای خەڵك خۆشەویست ئەبێت و بەڵکو خۆشەویستر ئەبێت لایان لە کەسێك کە ئاڵتوون و زیویان بداتێ.

﴿فَبِمَا رَحْمَةٍ مِّنَ ٱللَّهِ لِنتَ لَهُمْ ۖ وَلَوْ كُنتَ فَظًّا غَلِيظَ ٱلْقَلْبِ لَٱنفَضُّوا۟ مِنْ حَوْلِكَ﴾ آل عمران: ١٥٩

خوای گەورە موساو هارونی ﷺ نارد بۆ لای گەورەترین سەرپێچیکەرو لە سنور دەرچوو، پێی فەرموو: ﴿فَقُولَا لَهُۥ قَوْلًا لَّيِّنًا لَّعَلَّهُۥ يَتَذَكَّرُ أَوْ يَخْشَىٰ﴾ طه:٤٤

وتراوە: نەرم و نیانی سیحرێکی حەلاڵە، وتراوە بەزانایەك: چ سحرێك حەلاڵە؟ ووتی: ﴿ تبسمك في وُجوه الرجال ﴾.

واتە: ڕووەی خۆشی و کراوەیی لە ڕووی پیاواندا.

یەکێك لە زانایان وەصفی بانگخوازانی هە زێردراوی ئوممەتی محمد ﷺ دەکات :

﴿ حنينون، لينون، أيسارمني يسر، تقول لقيت سيدهم مثل النجوم التي يسرى بها التساري ﴾!!

بۆیە دەبێت بانگخواز ووتەکانی نەرم بن، تورەو مۆن و گرژ نەبێت، وەك ستەمکارێك هەڵس و کەوت نەکات، چونکە بانگخواز مامۆستایەو بەزەیی ومیهرەبانیان بۆ خەڵك پێیە.

﴿ وما ارسلناك إلا رحمةً للعالمينْ ﴾، پێغەمبەر ﷺ رەحمەتە، شوێنکەوتەکانی بەرەحم و بە بەزەین و قوتابیەکانی رەحمەتن و بانگخوازانی رێگەی خواو بەرنامەی خوا رەحمەت و سۆزن و بە بەزەین.

هەروەها دەبێت بانگخواز سوپاسی ئەهلی خێرو چاکە بکات، وە راپرسی و شورەت بە براکانی بکات و بۆچوونی خۆی فەرز نەکات، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وشاورهم في الأمر ﴾، ﴿ وأمرهم شورى بينهم ﴾، راپرسی بە قوتابیەکانی بە جیا بکات، وە راپرسی بە براکانی بکات، وە راپرسی بە پیاوچاکان و ئەهلی خێر بکات، ئەوانەی کە لەخۆی بەتەمەنترن، راپرسی بە پیاوانی ئاینی و مامۆستایان بکات، هیچ شتێکی تێدا نیەو شتێکی ئاساییە کە مەسەلە

تایبەتەکانیشی کە پەیوەندیان بە خوودی خۆیەوە هەیە، بخاتە بەرچاوو چارەسەریان بکەن، ئەوانەی کە متمانەی پێیانەو دڵسۆزن بۆی و ئامۆژگاری دەکەن، ئەبێت نزیك بێت لێیان و ڕاپرسی بە دراوسێ و گەڕەکەکەی بکات، پێغەمبەر ﷺ بە هۆی ڕاپرسی و مشاوەرەوە خۆشەویستی خەڵکی بۆ خۆی ڕاکێشاوە، ڕاپرسی پێکردون هەتا لە کارەساتە گەورەکان کە بەستراون بە سەرئەنجام و دوارۆژی ئوممەت، وەك شەڕی بەدر، ڕاپرسی بە هاوەڵەکانی لە ئەسیرەکانی شەڕی بەدر، وە چەندین ڕووداوی گەورەی تردا. . . بۆیە پێویستە لەسەر بانگخواز ڕاپرسی بە کۆمەڵگە بکات، هیچی تیا نیە ئەگەر کاغەزیان بۆ بنووسێ و داوای بۆچوون و ڕەئییان بکات، ئەگەر کۆمەڵێکی بینی بڵێ: ئەرێ بۆچوونی ئێوە چییە لەم کارەدا ؟ چونکە بۆچوونی دوان چاکترە لە بۆچونی یەکێك، بۆچوونی سیان چاکترەو لەپێشترە لە بۆچوونی دوان.

١٥. هەڵس و کەوتی جوان لەگەڵ خەڵکی و پاراستی ڕێزو پلەیان:

لەسەر بانگخواز پێویستە کە سوپاسی ئەهلی چاکە بکات، چونکە کاتێك سوپاسی خێرخواو چاکەکارانی کردو باسی کردن، ئیتر دەزانرێت کە ئەم بانگخوازە هەموو شتێك بە سووك سەیرناکاو پلەو پایەی خەڵك دەزانیٚ و جوان دەناسیٚ، کاتیٚ کەسێك چاکەکارو خاوەنی ئیشی جوان بێت، سوپاس و دەستخۆشی نەکریٚ یان هەڵەکار ئاگادارو ئیدانە نەکرێت، وەك ئەوە وایە بڵیٚ هیچیان نەکردووە، !! پێویستە بە چاکەکار بڵیٚ چاکت کردووە ، دەست خۆشی لێبکات ، وە بە خراپەکار بڵیٚ خراپت کردوو ئاگاداری بکاتەوە، بەڵام بە ئەدەبەوە، کەسانی ڕیش سپیش پێیان خۆشە لە ئاهەنگ و یاددا بەشداریان بکەی، بۆ ئەوەی بزان کە تۆ ڕێزی ڕیشە شپی و تەمەنە زۆرەکەیان دەگری، چونکە ئەوان لە عیبادەتدا لە پێشتەوەن و پێش تۆ بە چەندین ساڵ موسوڵمان بوون، بۆیە دەبێت پلەو پایەیان بزانی و بەهەمان شێوە پلەوپایەی زاناو مامۆستاو قازی و شێخ و گەورە پیاوانی کۆمەڵگە و هۆزەکان بزانی و ڕێزی خۆی بگری، وە هەروەها نوسەران و هونەرمەندان و شاعیران کە خاوەن بەخششی خواین، ئەو بازرگانانەی کە لە ڕێگەی خوادا سەرف ئەکەن و ئەبەخشن،

پلەو پایەیان هەبێ و شوکرو سوپاس بکرێن لەسەر کارە چاکەکانیان تا دڵیان پێی زیندوو بێتەوە، ئەوەتا پێغەمبەر ﷺ لەسەر مینبەر ئەفەرموێت:

﴿ غفر الله عثمان ما تقدم من ذنبه وما تأخر ﴾ أخرجه أحمد

﴿ ما ضرَّ عثمان ما فعل بَعد اليَوم ﴾ الترمذي

وە ئەیفەرموو: ﴿ دعوا لي أصحابي ﴾ (يعني ابابكر الصديق). أخرجه أحمد وصححه الألباني

هەروەها سوپاسی عومەری دەکردو بۆچوونی عومەری وەر دەگرت و سوپاسی لەسەر دەکرد، کە ئەمانەش لە هۆکارو شێوازەکانی پەروەردەن.

١٦. دەبێت بانگخواز بانگەوازەکەی ئاشکرابێت، ئەگەر بەرژەوەندی تیا بێت، وە ئەگەر بەرژەوەندی لە نهێنیدا بوو، بەنهێنی بێت.

پێویستە بانگخواز بانگەوازەکەی ئاشکرا بکات بۆ بەرژەوەندی دەعوە، ئەگەر چاك بوو وە قازانجی زیاتر بوو، وەك کوڕی گشتی و ئامۆژگاری گوندەکان و شارەکان، بەلاّم ئەگەر ویستی کەسێك

ئامۆژگاری بکات، ئەبێت بە تەنها بێت و بەنهێنی بێت، بە نەرمی گوفتاری لەگەڵ بکات و بیدوێنێت.

ئیمامی شافعی دەفەرموێت:

تعمدني بنصحك في إنفراد
وجنبني النصيحة في الجماعة
فإن النصح بين الناس نوع
من التوبيخ لا أرضي إستماعه
فإن خالفتني وعصيت قولي
فلا تجزع إذا لم تُعط طاعة

واتە: بە تەنها ئامۆژگاریم بکە، دورکەوەرەوە لە ئامۆژگاریم لەنێو کۆمەڵدا، چونکە ئامۆژگاری نێو خەڵك جۆرێکە لە گلەیی و سەرزەنشت، ئەگەر بە گوێت نەکردم، بێزارو تورە مەبە، ئەگەر منیش گوێڕایەڵت نەبووم و گوێم بۆ ئامۆژگارییەکەت نەگرت.

ئەگەر موخالەفەی قسەکەی ئیمامی شافیعیت کردو خەڵکیت ئامۆژگاری کرد لەناو خەڵکدا، ئەوە دەبێت چاوەڕێی ئەوەش بکەی کە خەڵك گوێڕایەڵیت نەکەن.

١٧. گرنگی دان بە ڕووداوەکانی سەردەم و ڕۆشنبیری:

پێویستە بانگخواز بەردەوام بخوێنێتەوەو بکۆڵێتەوە لەسەر دەرد و چارەسەرەکانی سەردەم و کارەساتەکانی سەردەم، بیرو بۆچوونەکان بناسێ کە لەناو واقیعدان، پەڕاویان دەربارە بخوێنێتەوە، ئەوە قسەیەکی تەواو و ڕاست نیە کە هەندێ کەس دەڵێن: نابێت پەڕاوە ڕۆشنبیریەکانی سەردەم بخوێنرێنەوە، جا ئەگەر نەمانخوێندنەوەو بەسەریاندا زاڵ نەبوین، نەمانزانی چۆن بژین؟ لە کوێ ئەژین؟ وە نەمان ئەزانی چۆن هەڵس و کەوت لەگەڵ خەڵکدا بکەین، بەڵکو وادەبینم دەبێت بانگخواز گۆڤارو ڕۆژنامەکان بخوێنێتەوە، بەڵام ئاگادارбن و پارێزکاری و وردەکاری بکەن تا بەهۆی کەمێك ڕۆشنبیری پەیداکردنەوە نەڕۆن و دڵەکانیان ڕەش نەبنەوە، ئەگەر ویستی خوێندنەوەیان هەبوو، با بەوردی و تەنها بخوێننەوەو ئامانجیان بزان، وەك شاعیر دەڵێت: شەڕ

بناسیت نەك بۆ ئەوەی شەڕی پێبکەی، بەڵکو بۆ ئەوەی کە خۆت بپارێزی لەشەڕ، چونکە هەرکەس شەڕو خراپە نەناسێت، دور نیە بکەوێتە ناوی، دەڵێت:

عَرِفتُ الشرَّ لا للشرِّ ولكن لتلا فيه

ومن لا يعرف الشر جديرأن يقع فيه

پێشەوا عومەر فەرمووی:

﴿ إنما تَنقضُ عري الأسلام عروة عروة مِن أُناس ولدوا في الأسلام ما عرفوا الجاهلية ﴾.

ئیسلام لە سەردەمی کەسانێکدا لاواز دەبێت و پایەکانی لاواز دەبن، کە ئەو کەسانە بە موسوڵمانی لە دایك بوون و جاهیلی ناناسن.

هەرکەسێ ڕێچکەو تولە ڕێگەکانی مرۆڤ و هۆکارەکانی جاهیلی شارەزا نەبێت، ئەوە ئیسلامی نەناسیوە و ئەو لەزەتەشی لێناکات، کەواتە پێویستە بانگخواز شارەزا بێت، خۆ ئەگەر پەراوێکی گومانلێکراوی بینی، با نیشانی کەسانی شارەزای بدات، تا بەرچاو ڕۆشنانە مامەڵەی لەگەڵدا بکات.

١٨. گوفتار لەگەڵ خەڵك بە ئەندازەی ژیریان:

بانگخواز دەبێت بیر تیژ بێت، بدوێت لەگەڵ خەڵك بە ئەندازەی ژیریان، ئەگەر چووە لای كۆمەڵێكی گوند نشین، با لەو باسانەیان بۆ بكات كە لای ئەوان گرنگەو پێویستەو تیای ئەژین، وە ئەگەر چووە لای كۆمەڵێكی قوتابی و زانستخواز لە زانكۆدا، بەشێوەی ژیری خۆیان بیان دوێنێ و لە ڕۆشنبیری و ژیریان ئاگادار بێت، ئەگەر چووە لای فێرخوازانێك لەوان نزمتر لە زانستدا، ئاستی خۆی دابەزێنێ لە باسەكاندا، وە ئەگەر چووە لای كۆمەڵێكی دەشتەكی، با دابەزێتە سەر باس و خواستی خۆیان، هەر نەوەو كۆمەڵێك باسێكی تایبەت بەخۆیان هەیەو پێویستە، بۆ نموونە باسەكانی دەشتەكی، وەك: شیرك و ئەو كەم و كوڕیانەی كە لە نوێژدا هەن و لە نموونەی ئەمانە، باسی خەڵكی ناو زانكۆ وەك: ئەو بیرو بۆچوونانەی لە كۆمەڵگەدان لە عەلمانی و بێباوەڕی، وگومان و شەهوەت بازی و لەمانیش بەرەو خوار تر، وەك: چاكە كردن لەگەڵ دایك و باوك و مافی گەورەو ڕیش سپی و پارێزگاری لەكات و قورئان خوێندن، جا كەوابێ پێویستە دواندنی خەڵك بە ئەندازەی ژیری و تواناكانیان بێت، بڕوانە پێغەمبەر ﷺ قسە لەگەڵ (معاذ) دەكات بە شێوەیەك كە لەگەڵ

دەشتەکی و ئەعرابی دا وا قسە ناکات، دەربارەی زانست و شوێنەواری و دەربارەی پارێزکاری خواو سنورەکانی، بەلاّم لەگەڵ کەسێکی دەشتەکی دەربارەی یەکتاپەرستی و بردن بەرەو بەهەشت هێڵە گشتییەکانی ئیسلام

۱۹. بە ڕوخاندنی خەڵك خۆت دروست مەکە:

ئەوەی پێویستە بانگخواز خۆی لیّ بپارێزێت، ئەوەیە کە نابێت ڕەخنە لە خەڵکی بکرێت، تا خۆی و پلەی خۆی بەرز بکاتەوە ، نابێت خەڵك سوك و نزم بکەیتەوە تاخۆت دەربکەوی و بەچاك بناسرێی، وەك ئەو کەسانەی کە حەز بەخۆ دەرخستن دەکەن و پێیان خۆشە ناویان بزرێت، پەنا بەخوا، ئەوە ڕەوشتی کەسانی ڕیاکارو خۆدەرخەرە، کە کاتێك باسی زانایەك دەکرێت چەندین قسەی پیّ دەڵیّ و ئەگەر باسی بانگخوازێك کرا ، دەڵیّ: ڕازی نیم بەو ڕێگەیەی گرتویەتی لە بانگهێشت کردندا، ئەگەر باسی نوسەرێکی بۆ بکرێت، ئەوا زو ڕەخنەی لێدەگرێت، وەك شێخی گەورەی ئیسلام (إبن تیمیه) ئەفەرموێت: ﴿ بعض الناس کالذباب لا یقع إلا علی الجرح ﴾.

هەندێ کەس وەك مێش وان بەسەر برینەوە نەبێت نانیشنەوە، ئەگەر بەرگێکی سپی و پاکت لەبەردا بوو، خۆت بۆنخۆش کردبوو، مێش بەسەریەوە نانیشێتەوە، بەڵام ئەگەر برینێکت پێوە بوو ئەوا بەسەریەوە ئەنیشێتەوە.

یان دەڵێ بەشێوەیەکی دی خوای گەورە پاداشتی فلاَن بانگخواز بداتەوە لەو شتەو لەوەدا، واز لە نەقدو ڕەخنە ناهێنێت.

یان شەیتان بەشێوەیەکی تر دەیخاتە سەر زمانی هەندێك ، بۆ نموونە: دوعا دەکات بۆ بانگخوازێك بە شێوەی ئامۆژگاری ، کەچی مەبەستی کەم کردنیەتی، ئەگەر باسی بانگخوازێکی بۆ کرا، ئەڵێ خوا هیدایەتی بدات، داوا لەخوا دەکەم ڕێگەی نیشان بدات، ئەگەر بڵێی بۆ؟ ئەڵێ بەسە!! ئەوەندە بەسە بە تەنها دەڵێم خوا هیدایەتی بدات. . . ئیتر دەزانرێ کە لە پشتی ئەو دوعایەوە شتێك هەیەو مەبەستی شتێکە، ئەم دوعایەش پاداشتی بۆ نیە.

زانای پایەبەرز (عبدالله ی کوڕی موبارەك) دەڵێت:

زۆر کەس هەیە کە داوای لێخۆشبون دەکات، گوناهبار دەبێت بەو (إستغفارە)! وتیان چۆن؟! وتی: باسی هەندێك لە پیاو چاکانی بۆ دەکرێت، دەڵێت: (أستغفر الله) ، واتە: نەقدی لێ ئەگری ، ئەوە پاداشتی ئەو (إستغفارە)ی بۆ نانوسرێ، بەڵکو هەڵەیەکی بۆ ئەنوسرێت.

٢٠. دەبێ خۆی بکاتە پێشەنگی خۆی؛

بانگخواز دەبێت قودوە بێت بۆخۆی . . . دەبێت بزانێت کە کەوتن و هەڵەکانی گەورە دەکرێن، هەڵەی ئەم گەورەیە، وە خەڵکی دەڕوانێت بۆی، ئەم بانگخوازە لەبەردەم خەڵکدا وەك ئاوێنە وایە، ئەگەر خاڵێکی ڕەشی پێوە بوو، گەورەو زل دەکرێت، کەواتە دەبێت لە خوا بترسێت تا نەبێتە هۆی بە هیلاك چوونی خەڵکێکی زۆر، چونکە زۆر کەس هەیە بەهۆی فتوایەکەوە دەکەوێتە هەڵەی زۆرەوە، یان بەهۆی چەند هەڵس و کەوتێکی ئیجتیهادییەوە کە لە هەندێ کەس دا ڕووی داوە کە هەڵەیان کردوە، بەڵام خەڵکێکی زۆر بەهۆی ئەوانەوە کەوتونەتە هەڵەو تاوانەوە.

هەندێ لە پیاوچاکان دەڵێن: پێهەڵخزانی زانایەك، پێهەڵخزانی جیهانێکە، بۆیە پێویستە قەرارو بڕیارەکان بە باشی بخوێنێتەوە پێش ئەوەی جێبەجێی بکات، وە ئەو هەنگاوەی کە دەینێت وردەکار بێت، تا نەبێتە هۆی پێهەڵخزان و بەهەڵەدا چوونی زۆرێك لە خەڵکی.

٢١. گونجان لەگەڵ خەڵك:

پێویستە لەسەر بانگخواز ئولفەت بگرێت بە خەڵکەوەو ڕابێت لەگەڵیان، کەڵك و سودیان پێ بگەیەنێت، کاری بانگخواز تەنها ئەوە نیيە قسە بۆ خەڵك بکات و ئامۆژگاريیان بکات، بەڵکو دەبێت وەك پێغەمبەرﷺ بکات، ڕادەهات لەگەڵ خەڵکداو هەندێجار بە هەدیەو بەخشین و هەندێجار بە زیارەت و سەردان، پێغەمبەری خوا ﷺ بانگی خەڵکی کردووە، ڕاهاتووە لەگەڵیان و شتی پێبەخشیون و هەدیەی داونەتێ، هەندێجار (١٠٠) وشتری داوە بە یەکێك، یا بەرگی تازەی دەدانێ، یان دەستی خەڵکی دەگرت و لەجێی خۆی دادەنان، یان خەڵکی پێش خۆی دەخست، ئەمانە هەمووی ڕێگەی ڕاهاتنە لەگەڵ خەڵك، هەتا چاك وایە کە ئەگەر کەسێك سەرمایەی هەبوو، خەڵکی پێ بانگ بکاو قورس و گرانیش نیيە ڕاهاتن لەگەڵ خەڵك و گێڕانەوەیان بۆ لای خوا.

زۆرێك لە گەنجی تاوانکار ئولفەتیان بە دینەوە چۆن دەبێت؟ ئەگەر گەنجێکی تاوانکارت بینی و زانیت، یان گەنجێکی دی کە توانای پێکەوەنانی خێزانی نیيە، ئەگەر یارمەتی ماددی بدەی و هاوکاری بکەی، بەمەرجێك کە هاتوچۆی مزگەوت بکات و نوێژی جەماعەت بکات و تەوبە

بکات و بگەڕێتەوە بۆ لای خوا، وە ئەتوانی لەگەڵ کەسێکی سەرخۆش و عەرەق خۆردا وا خۆت ڕابهێنی کە یارمەتی ماددی بدەی بە مەرجێك واز لە مەشروب و بێباوەڕی بهێنێت و لێی دووربکەوێتەوە.

۲۲. دەبێت بانگخواز وەلائو بەڕائێکی ڕێژەیی هەبێت:

پێویستە بانگخواز وەلائو بەڕائێکی ڕێژەیی هەبێت و خۆشەویستی و ڕقی لەسەر چەندێتی گوێڕایەڵی خەڵکی و سەرپێچییان بێت، هەرگیز لەوپەڕی خۆشەویستیدا کەسێکی خۆش نەوێ کە تاوانبارو گوناهبارە، وە لەوپەڕی ڕقدا نەبێت لەگەڵ کەسێکدا کە گوێڕایەڵی تیایە، بەڵکو خەڵکی خۆش بوێت، جاری واهەیە خۆشەویستی و ڕقت بەرامبەر کەسێك تیایە، خۆشت دەوێت چونکە پارێزکاری نوێژی جەماعەت دەکات، لە لایەکی ترەوە ڕقت لێیەتی چونکە غەیبەتی خەڵکی دەکات، کەواتە دەبێت دادپەروەربیت لە بڕیاردا، پارێزگاری لایەنی چاکەو جوانی و تەواوی خەڵك بکە، وە ئاگاداری کەم و کوڕیان بە.

٢٣. دەبێت بانگخواز کەسێکی کۆمەلآیەتی بێت:

دەبێت بانگخواز هاوبەشی گرفت و خەمی خەڵك بکاو گرفتەکانیان چارەسەر بکاو زیارەتی نەخۆشیان بکات، پچڕاندنی پەیوەندی کۆمەلآیەتی کارێکی ڕاست نیە، چونکە خەڵکی کە هەستیان کرد تۆ لەگەڵیاندای و بەشداری خەم و خەفەتیان دەکەی و دڵخۆشیان دەکەی و لە گرفتەکانیاندا دەژیت، خۆشیان ئەوێی، لەبەرئەوە پێشنیارێك بۆ بانگخوازان دەکەم کە بەشداری ئاهەنگی ژنهێنانی خەڵکی بکات، هەندێجار کە بەهانە هەیەو بواری نیە، ئەوە نیشانەی ئەوە نیە کە پێی خۆش نەبێت بەشداربێت، بەڵکو پیرۆزبایی لە ماڵی بوك و زاوا دەکات.و لەگەڵیان دڵخۆش دەبیٚ و خزمەتیان دەکات، ئەیاندوێنیٚ و قسەیان بۆ دەکات لە دانیشتندا، بەخێرهاتنی میوانەکانیان دەکات، ئیتر زۆریان خۆش دەوێت، وە ئەگەر کەسێك یەکێکیان لێمرد، بە بەشداری شۆردن و ناشتن بەشدارییان بکات و سەبوریان بکات و ئامۆژگارییان پێشکەش بکات، هەروەکو چۆن خەڵکی تۆ ئەبینن کە بانگیان ئەکەی بۆ نوێژی جومعە، بە هەمان شێوە دەبێت لە خۆشی و ناخۆشییەکانیاندا بەشدار بیت و بەدەم گرفتەکانیانەوە بچیت، چونکە بانگخواز چارەسەرخوازە،

خەڵکی پرس و ڕاوێژی پێدەکەن و لەهەوڵی چارەسەری گرفتەکانی خەڵکیدایە، ئیتر خۆشەویستی خەڵکی بۆخۆی ڕادەکێشێت، وەك چۆن پێغەمبەری خوا ﷺ کردویەتی، ئەوەتا جارێك لە نوێژی نیوەڕۆ دوا ئەکەوێت، وەك لە (بوخاریدا) هاتووە، چونکە ڕۆیشتووە بۆ لای (بنی عمر بن عوف) بۆ چارەسەر کردنی گرفتەکانیان و سوڵوح کردنی کێشەکانیان.

هەروەها ئەگەر ببیستایە کەسێك نەخۆشە، هەتا ئەگەر لە ئەهلی دەشتەکی بوایە، لەقەراغ شارەوە لەگەڵ هاوەڵەکانیدا سەردانی ئەکرد، ئەمەش گەورەترین هۆکارە کە بانگخواز ئەتوانێ خۆشەویستی خۆی لە دڵی خەڵکدا بچەسپێنێت. (دیارە ئەنجامدانی ئەم چالاکیە کۆمەڵایەتیانە خۆی بەشێکە لە دینداری و موسوڵمان بە ئەنجامدانی چاوەڕێی پاداشتی خوایە).

❁ ❁ ❁



٢٤. ڕەچاوكردنی (التدرج) لە بانگەوازدا:
واتە: قۆناغبەندی و پلە بەندی:

پێویستە بانگخواز پلە پلە كاربكات و كارە گەورەكان پێش كارە بچووكەكان بخات، واتە سەرەتا لە شتە زۆر گرنگەكانەوە دەست پێبكات، وەك بابەتی یەكتاپەرستی و پاراستنی نوێژەكان و حیجاب و بابەتی شیرك و سیحرو مافەكان بە دوای یەكداو لەسەرخۆ، بەڵام ئەگەر بە وانەیەك باسی هەمو شتێك كرا، ناتوانرێت جێبەجێ بكرێت . . .

پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ (مەعاذ) ی نارد بۆ (یەمەن) پێی فەرموو: یەكەم شتێك كە ئەو خەڵكەی بۆ بانگ ئەكەی، شایەتیدانە ﴿ لا إله إلا الله . . . وأني رسول الله ﴾

جا ئەگەر لەمەدا گوێڕایەڵیان كردی، ئەوا هەواڵیان بدەرێ كە خوای گەورە پێنج نوێژی لەسەر واجب و پێویست كردوون لە شەو و ڕۆژێكدا، دەبێت بانگخواز ئاوا بێت، نەك بڕوات بۆ لای كۆمەڵێك كە نوێژ ناكەن، داوای هێشتنەوەی ڕیشیان لێبكات، چ سودێك بە ئیسلام ئەگەیەنێت كە خەڵكی تەنها ڕیشیان بهێڵنەوە، لە كاتێكدا كە نوێژ ناكەن لە ماڵەكانی خوادا، وە هەروەها نابێت سەرەتا بابەتە بچووكەكان باس بكرێن، تا وای لێدێت بابەتە گەورەو گرنگەكان بیر ئەچنەوە،

وە دەبێت ڕێگای جۆراو جۆر بەکاربێت، جارێك بە ووتارو ئامۆژگاری و نوسین یا بە کۆڕ تا هەموو ڕێگاکان تاقی بکرێنەوە، چونکە هەندێ کەس بە ووتارێکی هەینی دەگۆڕێت زیاتر بەوەی بە وانەو دەرسێك، وە هەندێك کەس بە پێچەوانەوە، دەبێت دەرسەکان و هۆکارەکان نوێ بکرێنەوە، بە تایبەت لە سەردەمێکدا لە مەسائیلی باطل نوێ کراونەتەوە، خوای گەورە هەواڵ ئەدات کە باطل وئەهلی باطل سەروەت و سامانیان زۆرەو زۆر دەبەخشن، دەفەرموێت: ﴿ فسينفقونها ثم تكون عليهم حسرة ثم يغلبون والذين كفروا إلى جهنم يحشرون ﴾

لەبەر ئەوە ناشبێ لەبەر کەمی هۆکارەکان بێئومێد ببین، ئەوەتا پێغەمبەری خوا ﷺ لەگەڵ ئەوەی ئەو هەموو ئیمپراتۆرو ئەو هەموو ڕۆشنبیری و سەقافەتەی لە دەور بوو، کیسراو قیصر هەموو توانایان بەکار ئەهێنا، لەگەڵ ئەوەشدا پێغەمبەر ﷺ لە ماڵە قوڕینەکەی خۆیدا بەهۆکارە کەم و سادەکانەوە ، بەڵام چونکە دڵسۆزی و ڕاستگۆیی تیا بوو، خوای گەورە گەیاندی بەوەی کە ئومێدی بوو کە ئیسلامی گەیاندە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا.

٢٥. پێویستە بانگخواز خەڵك لە پلەی خۆیاندا دابنێ:
چونکە کەسێکی زاناو شارەزا پلەیەکی هەیە.

﴿ قَدْ عَلِمَ كُلُّ أُنَاسٍ مَّشْرَبَهُمْ ﴾ البقرة: ٦٠

نابێت یەك تەرازووی هەبێت بۆ هەموو کەس، ئەمەش جۆرێك نیە لە جیاوازی و جیاکردنەوەی خەڵکی، بەڵکو ئەمە ئادابێکی ئیسلامییە، کەسێك جیایە لە یەکێکی تر، پلەی ئەم جیاوازە لەوی تر، ئەم کار جوانییە کە بانگخواز خۆی پێ برازێنێتەوە لە هەڵس و کەوتیدا لەگەڵ خەڵکی، وەك چۆن پێغەمبەری پێشەوامان ﷺ کردویەتی، کە خەڵکانی لە پلەو ڕێزی خۆیدا سەیر کردووەو دایناون، ئەم فەرموودەیە ئیمامی (مسلم) ڕیوایەتی دەکاو لە مەسنەدی (أبو داود) دا هاتووە.

❁ ❁ ❁

٢٦. پێویستە بانگخواز لە خۆی بپرسێتەوەو لە خوا بپارێتەوە بە ملکەچی:
پێویستە بانگخواز لە خۆی بپرسێتەوەو ووتەکانی دادگایی بکات کە قسە دەکات، وە کردارەکانی دادگایی بکات کە هەڵدەستێت بە جێبەجێ کردنی قسەکانی، ئایا ئەو پێشنیارەی

کە کردوویەتی خۆی جێبەجێی کردووە، پاشان بە کڵۆڵی و ملکەچییەوە داوای یارمەتی لە خوای خۆی بکات و لە هەمو ووشەیەك و وانەیەکدا پشت بەخوا ببەستیٚ ، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت : ﴿ اللهم بك اصول وبك أحاول ﴾ . هەندێکی تر وتویانە ﴿ اللهم أفتح عليّ من فتوحاتك ﴾ ﴿ اللهم لا تكلني علي نفسي طرفة عين فأهلك ﴾ .

٢٧. دەبێت بانگخواز لە عیبادەتدا ناوازە بێت:

دەبێت بانگخواز بەردەوام سوننەتەکان بکات و ویردو دوعای ڕۆژانەی هەبێت، وەك خەڵك سادەو ساکار نەبێت، بەڵکو جیا بێت و بەردەوام بێت لە دوعا، دوای نوێژی بەیانی و دوای مەغریب ، تا خوای گەورە بیپارێزێت، یا ئەگەر توشی قەزاو قەدەر بوو، نەرم و بەزەی لەگەڵ بکات بەهۆی دوعاکانیەوە، وە ئەبێت دور لە خەڵك دوعا بکات و قورئان بخوێنێت و لە کارەکانی وورد بێتەوە، وە باس و خواستی سەلەفی صاڵح بخوێنێتەوە، چونکە زۆر تێکەڵ بوون بە خەڵك دڵ کوێر ئەکاتەوە، مرۆڤ مێشکی دەشێویٚ و مەلوول دەبێت و

ڕەق دەبێت، بۆیە پێویستە دابڕانی هەبێت، لە کاتێکی دیاری کراوی کۆتایی شەودا ، یان ڕۆژانی هەینی یان هەر کاتێکی تر .

(مەبەست لە دابڕان زیاتر (عزلة النفسية)، واتە: بە دەرون و ڕۆح دا ببڕێ، بەڵام بەجەستە هەر لە نێو کۆمەڵگەدایە، هەندێ کاتی تایبەتیش ئەو دابڕانە دەبێت ، دابڕانی (جەستەیی و ڕۆحیش) بێت.) وەرگێڕ.

۲۸. دەبێت بانگخواز دنیا بە کەم بگرێ وهەمیشە ئامادەی مردن بێت؛

دەبێت بانگخواز بیر لە کۆتایی و ڕۆیشتنی ژیان بکاتەوە، زۆر نزیکە کۆچ بکات و کاتی ڕۆیشتنی دیاری کراوە، بۆ ئەوەی کە خەڵك زۆر ڕووی تێدەکەن و لەخۆی نەگۆڕێت، خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ إِن كُلُّ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ إِلَّآ ءَاتِي ٱلرَّحۡمَٰنِ عَبۡدٗا ۝ لَّقَدۡ أَحۡصَىٰهُمۡ وَعَدَّهُمۡ عَدّٗا ۝ وَكُلُّهُمۡ ءَاتِيهِ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ فَرۡدًا ﴾ مريم :۹۳-۹۵

با بزانێ کە بە تەنها ماوەیەکی تر دەمرێ، بە تەنها حەشر دەکرێ و بە تەنها دەخرێتە گۆڕ، وە خوای گەورە محاسەبەی دەکات لەسەر یەك ووتە کە وتویەتی : وە لەسەر کردارەکانی، کەواتە با بزانێ بۆچی و بۆکێ بانگ دەکاو قسە دەکاو دەبێژێ و دەدوێ؟ تا لەسەر چاو ڕۆشنی بڕوات، وە دەبێت لە دنیا کەم بکاتەوەو هاوسەنگانە مامەڵە لەگەڵ دونیادا بکات.

۲۹. دەبێت بانگخواز ڕووی جوان و پاك بێت و دیمەنی شیاو بێت:

هەندێ کەس وا دەڕوانن کە بانگخواز دەبێت بەرگێکی هەژارانە لەبەر بکات، یا کەمترین جل و بەرگ لەبەر بکات، ئەمەش ڕاست نیە، چونکە خوای گەورە شتی پاکی حەڵاڵ کردووە ، پێغەمبەر ﷺ بانگی جوانی کردووە کە دەفەرموێت: ﴿ تجملو كأنكم شامة في عيون الناس ﴾ ﴿ إن الله جميل يحب الجمال ﴾ .

لەبەر ئەوە دەبێت بانگخواز جوان بێت لە جل و بەرگداو هەمیشە بۆن خۆش بێت، دانیشتنی فراوان بێت، ڕوو لە ڕێش سپییان بکات و دەبێت هەمیشە پاك و خاوێن بێت، ئەمە

پێچەوانەی سوننەتی خواو پێغەمبەرﷺ نیە، وە دەبێت لە هەر کات و جێگایەکدا شتی گونجاو بەکار بهێنێت، دەبێت جل و بەرگەکانی هەژارانە بن لە کاتی نوێژە بارانەدا تاوەکو ملکەچی و هەژاری خۆی لەبەردەم خوای بالآدەستە دا دەربخات، چونکە پێغەمبەری ئازیز وایکردووە لە کاتی نوێژە بارانەدا. بەلآم لە جەژنەکاندا جل و بەرگی وای کردووە کە بە نرخی هەزار دینار بووەو چووەتە دەرەوە بۆ لای خەڵك، خوای گەورە پێی خۆشە کە شوێنەواری نیعمەتەکانی خۆی بەسەر بەندەکەیەوە ببینێ ، بەلآم دەبێت بانگخواز مەبەستی دنیا نەبێت، بە شێوەیەك ڕێگاکەی لێ ونبکات ، جێی داخە کە هەندێ پیاوی بەرزو قوتابی و بانگخواز ڕۆچوون لە دنیادا

چەندین ڕێکخراو و لایەن هەیە کە لە بانگەواز دوریان ئەخاتەوە، دژی ئەوە نین کە قوتابی و بانگخواز بازرگان بێت یان زەوی و زاری هەبێت، ئەمەش داوا کراوە وەك چۆن (عثمانی کوڕی عەففان) و جگە لەویش کردوویانە، بەلآم پێویستە کاتی دیاری کراوی هەبێت، نەك شەو و ڕۆژ لە دوکان و بازاڕو کارگەو کڕین و فرۆش و پاراستنی سەروەتەکەیدا بێت، خەڵکیش لە هیلاکەت و تیاچوندا بن و وازیان لێ بهێنێت، پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی:

﴿ لا يكن أحدكم إمعة ، إن أحسن الناس أحسنت ، وإن أساؤا أسأت ، ولكن إن أحسن الناس فأحسن ، وإن أساءوا فأجتنب إساتهم﴾ .

چونکە توانەوەی کەسایەتی بانگخواز کارێکی شیاو نییە .

جاری وا هەیە دەیەوێت تەقلیدی قورئان خوێنێك بكات ، ناتوانێت ، ئەمەش کاریگەری خراپی هەیە بۆیە پێغەمبەر ﷺ ستایشی هاوەڵانی کردووە هەرکەس بە پێی تایبەتمەندی خۆی باسی هێزو توانای عومەر دەکات ، وە دەفەرموێت :

﴿ مثلك يا عمر كمثل نوح وكمثل موسى عليهما السلام ﴾ ..

وە بە ئەبو بەکر ئەفەرموێت :

﴿ ومثلك يا أبا بكر كمثل إبراهيم وكمثل عيسى عليهما السلام ﴾ .

[redacted]

٢٠. گرنگی بدات بە لایەنی ئافرەتان:.

بە هەمان شێوە پێویستە لەسەر بانگخواز گرنگی بدات بە لایەنی ئافرەتان و شارەزای جیهانی ئافرەتان بێت و ئەم لایەنە لە بانگەوازەکەیدا پشتگوێ نەخات، وە لە وتارەکانیدا باسیان بکات و حەقی خۆیان پێ بدات، چونکە ئافرەت نیوەی کۆمەڵگایەو دایکی مرۆڤایەتییە. . .

وە هەر چییەکیش لەم کتێبە خنجیلانەیەدا باسکراوە ، بۆ ئافرەتانیشە چۆن ڕووی دەمم لە پیاوانە.



وصلى الله على سيدنا محمد ﷺ وعلى آله وصحبه وسلم

پێرست

پێشەکی وەرگێڕ	٣
پێشەکی نوسەر	٥
١. دڵسۆزی لە بانگەوازدا	٧
٢. دیاری کردنی مەبەست	٨
٣. خۆڕازاندنەوە بە رەوشتی تێکۆشەران	٩
٤. بەدەست هێنانی زانستی بە کەڵك	١٠
٥. دورکەوتنەوە لە ژیانی خەیاڵی	١٢
٦. لە رەحمەتی خوا بێئومێد نەبوون	١٤
کێ هەیە هەرگیز گوناهی نەبێت؟	١٧
٧.هێرش نەکردنە سەر خەڵك بە ناوی خۆیانەوە	٢١
٨. بانگخواز لەناو خەڵکیدا وەسفی خۆی ناکات	٢٢
٩. نەتوانەوە و بێئومێد نەبوون لەکاتی زۆری خراپەکاری	٢٥
١٠. لانەدان و زیادەڕەوی نەکردن لە پەراوی خوایی	٢٩
١١. بەڵگە نەهێنانەوە بە فەرمودەی هەڵبەستراو	٣١
١٢. تانە نەدان لە رێکخراو و دامەزراوە خزمەتگوزاری و کۆمەڵایەتییەکان	٣٤
١٣. دەبێت بانگخواز رێز بۆ هەموو شتێك دابنێت	٣٧
١٤. نەرمی لە دواندن و بەبەزەیی لە ئامۆژگاریدا	٣٨
١٥.هەڵسوکەوتی جوان لەگەڵ خەڵکی و پاراستنی رێز و پلەیان	٤٢
١٦.دەبێت بانگخواز بانگەوازەکە ئاشکرا بێت ...	٤٤
١٧. گرنگی دان بە رووداوەکانی سەردەم	٤٥
١٨. گوفتار لەگەڵ خەڵك بە ئەندازەی ژیریان	٤٧

لاپەڕە	بابەت
٤٨	١٩. بە رووخاندنی خەڵك خۆت دروست مەكە
٥٠	٢٠. دەبێت خۆی بكاتە پێشەنگی خۆی
٥١	٢١. گونجان لەگەڵ خەڵك
٥٢	٢٢. دەبێت بانگخواز وەلاء و بەرائێكی رێژەیی هەبێ
٥٣	٢٣. دەبێت بانگخواز كەسێكی كۆمەڵایەتی بێت
٥٥	٢٤. رەچاوكردنی قۆناغ بەندی
٥٧	٢٥. پێویستە بانگخواز خەڵك لە پلەی خۆیاندا دابنێ
٥٧	٢٦. پێویستە بانگخوار لەخۆی بپرسێتەوە
٥٨	٢٧. دەبێت بانگخواز لە عیبادەتدا ناوازە بێت
٥٩	٢٨. دەبێت بانگخواز دنیا بەكەم بگرێت
٦٠	٢٩. دەبێت بانگخواز رووی جوان بێت
٦٢	٣٠. گرنگی بدات بە لایەنی ئافرەتان